# گیانه من  نه ئه وم تۆ ئه یزانی

## " بۆ خاتوو ڕوئیا تلووعی "

ڕێناس جاف

بوێری و ئازایێتی و به جه رگبوون و نه ترسی، چه ن سیفه ت و
خه سڵه تێکن بۆ مرۆڤی ڕووناکبیر. ڕووناکبیر ئه و که سه یه ئه وه ی
حه قیقه ت بێ، با زیانی خۆیشی تیا بێت، سڵی لێ نه کا و دانی پێدا
بنێ و نه ترسانه ، وه ریگرێ. هه ر وه ها مرۆڤی ڕووناکبیر
قه ت بێ  خۆیابوون و ده رکه وتنی حه قیقه تی مه سه له یان بابه تێ،
له خۆڕا و گۆتره و هاکه زایی ، حوکم ده ر نه کا و پێش داوه ری نه کا.
وه ڵام و په رسف دانه وه که ت ، زیتر له مۆرک پێوه نووساندن و
پلار تێگرتن و تانه و ته شه ر لێدان ده چوو هه تا وه رامدانه وه .
ده مێکه ئه م بابه ته ی ئێسته بڵاو ده کرێته وه و به رچاوت ده که وێ،
ئاماده م کردووه، به ڵام بۆ ئه وه ی لات ده رکه وێ و دڵنیا بیت،
ئه وه ی تۆ بۆی ده چوویت، لای من ده س ناکه وێ و بیر و هزری
هه موو مرۆڤێ له خانه ی گیانمدا، خودان ڕێزی تایبه ته،  ئه و هه موو
ڕۆژانه  گلم دایه وه ، هه تا تۆزێ  به خۆدا بچییه وه و پێ له هه ڵه کانت
بنێی .
ئه وه  نه باشترین کار و کرده ی ئینسانییه  که مرۆڤ هه رکه  یه کێ
ڕه خنه ی لێ گرت ، بێ ئه وه ی دڵنیا بێت، نیازه که ی چلۆنه ، خێرا
تیر و توانجی  تێبگرێ و له جیاتی په رسفێکی لۆژیکیانه، ده س بکات
به قسه ی بێ سه ر و به ر .
گریمان ئه ندێشه و بیر و هزر و ڕوانگه ی دوو که س ، تۆفیر و
جوایه ز بوو، خۆ ئه وه له دونیایێکی فره ئایدیۆلۆژیکی مینا دونیاکه ی

ئه مرۆدا  شتێکی  زۆر ئاسایی و ڕوونه ، جا کوا که س ئه و ماف و حه قه ی هه یه ، گرانترین و ناشیرینترین ووشان، باری یه کێکی دی بکات و ئه وه ی دژ به بیر و بۆچوونی خۆی بوو، گورجێ  مۆرکێکی پێوه بنووسێنێ .

ڕه خنه و  وه رام ئه وه یه لایه نی که سێتی دوولا بپارێزدرێ و له تۆمه ت و تاوان باری یه ک کردن، به دوور بێت. نه ک خێرا ته پ داکوتیته سه ر یه ک و ئه وه ی له زار ده ربچێ، ڕه وانه ی لایه نه که ی دی  بکه ی .

ئه م به ینه بابه تێکم به رچاو که وت له خانمێ به ناو و شۆره تی " مه هنازی ڕه سوولی" ، که به داخه وه دیسان ئه تۆی ده لال هه ر په نات بۆ هه مان چه کی ناکارات بردووه.

وێڕای ڕێزم بۆ ئه و خوشکه به ڕێزه، دیاره من له گه ڵ زۆرێ له بیر و بۆچوونه کانی دا نیم و لام په سه ند نین. ئه تۆی به ڕێز هه مدیس له وه رام به و خوشکه، که وتوویته نێو هه مان بازنه ی به رته سک و هه ر به ده وری یه ک مه سه له دا سوڕ ئه خۆی و له جیاتی ئه وه ی وه ڵامی بده یته وه ، ئازا خۆ تووشی هه مان بازنه ی به رته سکی هزری ده که ی و ئه چیته وه سه ر هه مان کای کۆن به با کردن .

ڕه نگه بێژی بۆچی  لاگری له و ده که ی ، دیاره له به ر هه مان هه ڵوێستت له حاند هه مه چه شنه ڕه خنه  و ڕه خنه گرێک.

له وه رگێڕانی شێعری گۆرانییه که ی کاک ناسری ڕه زازی دا یان هه مان شێعری گۆرانییه که ی " مینا خانم" دا بۆ سه ر زوانی فارسی، من هه رچی سۆراخی " ڕابه " یان " ڕابیعه " ی فارسیم گرت، چیم به رچاو نه که وت ، ئه و "ڕابه " ی  ئه تۆی هێژا  جاران ئه وه نده له سه ری سوور بووی و ته نانه ت په ناشت بۆ  هه ر هه یوانان ده برد . خۆ قسه که ی منیش هه ر ئه وه بوو. ئه وه ش  ده قی وه رگێڕانه که ت :

مینا فریاد،  تا کی اسارت،

تاکی زیر دستی و ذلیلی ؟

تا چه هنگام جامعه من و تو را به چشم کالا و ابزار مینگرد؟

و از حقوق انسانی محرومت می نماید ؟

تابه کی در نزد ما دختر و زن را میفروشند ؟

با وی  سودا و کاسبی کرده ، حقوقش را به کلی

زیر پا  می نهند ؟

مینا تا به کی پستی ؟

اسارت ، بندگی و زیر دستی ؟

دیگر بس است، بر خیز

تا کی چنین چشم بسته ؟

گر خود تلاش نکنی، هیچگاه

جنس مرد حق تو را نخواهد داد

با سعی و رنج خود خواهی توانست

این سنت و مد را به شکست  بکشانی

مینا بس است ، بر خیز

تاکی اسارتت دوام یابد ؟

دیگر کافیست ، دنیا تغییر کرده

و آن نظام کهن  بازنده گشته

مینا بس است ، بر خیز .

خوشکی به ڕێز باش بوو دادوه ر و قازی ده رنه چووی ، ئه گینا
وا زوو به زوو ملی هه زارانت به په ته وه ده کرد !
له تۆییکی زانستپه روه ر، چاوه ڕوانی ئه وه ده کرا زانستیانه و
به لۆژیک و مه نتیقه وه وه رام بده یته وه ، نه ک به بابه تێ
وا کورت له من ، حوکمێکی گشتیم به سه ر دا دابڕی.
گه ر جوان سه رنجی په یڤ و ووشه کانمت دابا  ، دڵنیام وه رامه که ت
ئه وه نه ده بوو.
له و کورته بابه ته دا ، ڕووی قسه که ی من پیێش هه مووان وه ک
کوردێکی ڕۆژهه ڵات ، له خۆمه .
منیش وه ک تۆ  له هیچ فێرگه و قوتابخانه و کۆلیژ و زانکۆیێک به کوردیم نه
خوێندووه . منیش مینا ته ، له ژێر ئه م سێبه ره ڕه ش و
قورسه دا گه وره بوومه . قسه که ی من بۆ هه مووان بوو، نه ته نێ
ئافره ت یان ژن، ئیدی نازانم ئه تۆ له به رچی ده ته وێ به تێکه ڵکردن و
گرێدانی هه موو بابه ت و نووسینێک به کێشه ڕه واکه ی ژنه وه،
سه ر له جه ماعه ت بشێوێنی .
منێ زاده ی ژنم ، چلۆن له ده ستم دێ ، ئه م هه ست و نه ستم ،
گیرۆده ی نه خوازه ڵلا  دژایێتی و نه یارێتی له گه ڵ تان و پۆی
ڕۆحم بکه م . منێ ئافره ت لام ، هه وێنی ژینه ، بێ له رزانه ی
گیانی ژن، کوا من هه ڵئه که م ؟!
سۆزێ ژن به منی ده دا، مه گه ر هه ر ڕێژنه بارانێکی سرووشت
وا سۆزێ بخاته دڵمه وه. هاوڕێ کوا من هاتووم له سه ر

زانستی تاقیگه یی تۆ ڕای خۆم ده ربڕم !
بابه ته که ی تۆ به کوردی نووسرابوو، بۆیه وه بزانم ئه وه ماف و
حه قی هه موو کوردێکه له سه ر هه ر بابه تێکی کوردی ، خاوه نی
ڕای خۆی بێت. لانیکه م لای تۆ که هه ڵگری گه لێ کوڵ و باری،
ئه شێ ئه م خاڵه مسۆگه ر بێ و جێ که وتبێت. یانه خۆ نه کا
ئه وه شم پێ ڕه وا نابینی !
خوا بکات کورد ئه وه نده شاره زا و پسپۆڕی له هه موو بواراندا
هه بێت، ئیدی منێکی کورد، ناچار نه بم به هه زار زه حمه تان و به
زوانێ لاڵه په ته ، ڕووو له پسپۆڕ و بژیشک و شاره زای فارس و
ترک و عه ره ب بکه م و ئاخرییه که شی نه توانم مه به سته که می
پێ بگه یێنم .
زمانی کوردی هاوڕێ ئه وه نده لق و پۆی لێ ده بێته وه ، من و تۆ
گه ر عومری نووحیشمان پێ ببه خشرێ و له ژیناویش بخۆینه وه،
دیسان دڵنیا به قه ت به ئاخرییه که ی هه ر ناگه ین، ده جا ئیتر
من ترسی چیم لێ نیشتنێ به و جۆره ی ئه تۆی به ڕێز باست کردووه!
زمان ملکی تاقه که س نییه و گش که سێ ده توانێ ڕمبازێنی خۆی
تیا بکات .
به ڵام سه باره ت به په یڤ و ووشه که ی چێشت.
وه ره با پێکه وه چاو له چه ن سه رچاوان بکه ین با بزانین به چ
مانایێک هاتووه .
مامۆستا گیو له فه رهه نگه که ی کوردستانی دا، له به رامبه ر
خۆراک دا نووسیویه : خوارده مه نی، وارده مه نی،
خۆراکی : خوارده مه نی .
نه مر هه ژاری موکریانی له قامووسه که ی هه نبانه بۆرینه یدا
له په نای ووشه ی خۆراک دا نووسیویه : خواردنی،
خۆراکی : ئه وی بۆ خواردن ده شێ .
زمانی کوردی یه کێکه له لق وپۆکانی زوانی سه ر به کۆمه ڵه یان
بنه ماڵه ی زمانه ئێرانییه کان و زۆربه ی زماننناس و زمانه وانه کانی
کورد و نا کورد له سه ر ئه م خاڵه ته با و کۆک و یه کده نگن .

فوئاد حه مه خۆرشید له کتێبه که یدا سه باره ت به و بابه ته ده نووسێ:
"زمانی کوردی سه ر به کۆمه ڵه زمانی ئێرانییه که ئه و کۆمه ڵه
زمانه ش بریتین له : کوردی ، به لووڕی، سوغدی یانی، پشتوو،
ئاوێستا و فارسی کۆن " . دۆکتۆر ڕه فیق شوانی (ش) له
به رهه مه که یدا له سه ر زمانی کوردی ، له و پێوه ندییه دا
ده نووسێ " کۆمه ڵه زمانه کانی ئێرانی ده کرێن به سێ بنجه وه :

1 زمانه ئێرانییه کانی باکووری
2 زمانه ئێرانییه کانی باشووری
3 زمانه ئێرانییه کانی خۆرهه ڵات

له نێو ئه و ڕیز به ندییه دا زمانی کوردی سه ر به و بنجه ی
یه که میانه که چی زوانی فارسی ده چێته سه ر بنجی دووه میان.
بۆیه ئاماژه م به و چه ن خاڵه کرد هه تا بزانی زوانی کوردی
له کوێی زمانه کانی زیندووی دونیا دایه .
له و نێوانه دا کاریگه ڕیتی ئه م زمان له سه ر ئه و زوان، شتێکی
زۆر ڕوون و بگره ئاساییشه، تازه گه ر زمانه کان دراوسێ و
جیران به یه ک بن ، دیاره ئه و کارتێکه رییه فره تر و خۆیاتریشه.
کوردیش وه ک هه موو نه ته وه کانی دی ، زۆر ووشه و په یڤی
له زوانه کانی دی وه رگرتووه و گیانێکی کوردانه ی به وه ردا
کردوون . گه ر له زوانی فارسیش ورد بیته وه ، بێ سێ ودوو
لات ده رده که وێ فارسه کانیش به هه زاران و سه دان
په یڤ و ووشه و واژه یان ، له زمانه کانی دی وه ک عه ره بی،
ترکی، ئینگلیزی و هتد وه رگرتووه به ڵام بارێکی مانایی دیکه یان
به گوێره ی توانسته کانی زمانی خۆ ، پێ داوه، ئه م قسه بۆ زوانی کوردیش
ڕاس هه ر وایه .
خۆراک ووشه یێکی گشتییه بۆ ده سته ی خوراده مه نی.
هه رکه ناوی چێشتت هێنا، زه ین بێ سێ و دوو ده چێ بۆلای
ئاشپه ز و لێنان، چێشت کرده ی و کاری لێنانی له گه ڵه به ڵام
خۆراک چه مکێکی گشتییه بۆ ده سته ی خوارده مه نی، له چ
کوردێکیشم نه بیستووه ئه و ووشه به و چه شنه ده کار بێنێ .

گه ر وای دانێین قسه و وته كه ی تۆی به ڕێز ڕاسه ، ده ی
ده بوا  له جیاتی به رنامه كه ی " نه وت به خۆراك " ی
ڕێكخراوه ی نه ته وه كان، مێدیا و ڕۆژنامه و گۆڤاره كانی كوردی
ناوی ئه و به رنامه یان به " نه وت به چێشت" هێنا با ! بۆ خۆت
ئاگات له دونیای كوردی هه یه، له كێ و كامه شوێنت بیستووه وا زاراوێیك
ده كار  بێنن .
به ڵام  بابه تێكی دی  كه ده مه ویست سووكه ئیشاره ت و
ئاماژه یێكی پێ بكه م  سه باره ت  به و ڕه وشه یه جڤاكی كوردی،
پێیدا گوزه ری كردووه .
كۆمه ڵگه یێكی پاش خراوی وه ك جڤاكی كوردی   كه به درێژایی
دیرۆك دایمه ژێرچه پۆكه و بنده ست بووه و هه ر ده سته ڵاتێك
به كه یفی خۆ ، حوكمی  به سه ردا  كردووه، كوا ده رفه ت به هیچ
تاكێكی دراوه ، چاو بكاته وه و به هره ی خۆی ده ربخات و بتوانێ
سه ربه ست و ئازاد خۆ بنوێنێ !
كه مینه یێكی وه ك ئاغه وات، ده ره به گ، قه یخا، شێخ و مه لای
لێ ئه و ده ر كه ، ئیدی هه موو خه ڵك  به یه ك شێوه
گوزه رانیان كردووه و ئه و كه مینه  به مه یلی خۆ ، نامرۆڤانه ترین
هه ڵس و كه وتیان ده گه ڵ خه ڵك  كردووه و زۆربه ی جه ماعه تیش
ژێر ده س و ملكه چ و گوێڕایه ڵی ئه و تاقمه بوونه .
جا كوا ئه وانیش  ئه وه ند گوییان به ژن و پیاو و كوڕ و كچ داوه و
كه ی  تۆفیریان  له نێوانیان دا  داناوه !
ڕه خنه و ڕه خنه گرتن به لای منه وه  گه ر له خانه ی لۆژیك و
زانست دا جێی بێته وه و  بنیاتنه ر و زانستیانه  و ڕێشانده ر و
ماقوڵ بێت،  نه ك  نابێ ئێمه سڵی لێ بكه ین و لێی دڵگر ودڵ مه ند
بین ، بگره ده بێ هه وڵ بده ین  ئاوه زی گشتی وا  وریا بكه ینه وه
كه به بیرێكی كراوه وه ، به ره و پیریه وه بچێ .
ڕه خنه كه ی من  له سه ر ژن  یان ژێنده ر و جنسێكی تایبه ت
نه بوو و مه به ستم  هه موان بوو ، ئه وانه ی  به ناوی ڕووناكبیر و
ڕووناكبیرییه وه نها له كۆمه ڵگه دا  خۆ ده رده خه ن.

من و تۆ به ته نێ کوا ده بینه  نوێنه ری دوو جینس!
گه ر به نیگا و ڕوانگه ییکی ڕیالیزمیانه وه  سه یری کۆمه ڵگه ی کوردی بکه ی ، دڵنیام نیشانه و شوێنهاته کانی  ئه و ڕه نج و کوێره وه ری و پاش که وتووییه  له هه مه بارێکه وه  له نێو  هه مووان دا به یه ک ڕاده ده بینرێ . هه ڵبه ت که س حاشا له و حه قیقه ته تاڵه ش ناکات که به ڕاستی نیگای گشتی له حاند ئافره ت  گه لێ چه وسێنه رانه و دووور له شان و شکۆی ئینسانی بووه ، ئه وه ش تایبه ت به کۆمه ڵگه ی کوردی نییه  و سه رپاک کۆمه ڵگه که کانی خۆرهه ڵات ده گرێته وه .
دوور بۆی نه چین  وێڕای ڕێز و حورمه تم بۆ سه رپاک خه ڵکی ناوچه ی سه لاس و باوه جانی جوانڕۆ، هه تا 25 ساڵێ له مه و به ر له و ناوه دا  هه رکه یه که مجار ترۆمبیل و ماشێن ، ڕێی که وتبووه ئه و مه حاڵه ، خه ڵکه که ی ئاڵف و کایان له به رده م دانابوو، به ڕاستی پێیان وابوو ئه ویش وه ک ڕه شه وڵاغ و ئاژه ڵان ، پێویستی به و ئاڵف و کا هه یه .
وردبوونه وه له هه ر  بابه تێکی ڕامیاری، جڤاکی، چاندی و هزری، ئه وه نده حه قیقه تی تاڵمان لا ده ر ده خات که ئیدی من و تۆ هه ر وا سووک و سانا، ئیزن به خۆ  نه ده ین به هه ر نووسینێک، خێرا تۆمه ت و تاوانان ، باری یه کتر بکه ین و تیر و توانج و پلار و تانه و ته شه ر  بگرینه لایه نی به رامبه ر .
وه بزانم ئه م شێوه هه ڵوێست گرتنه زێتر به ره و کوێرستانمان ببات و فره تر  تووشی  چه واشه بیمان بکات .
کورده واری بۆ خۆ ئه وه نده درد و مه ینه تی هه یه و ئه وه نده ده س شوێنهاته کانی ئه و پاش که وتوویه وه ده ناڵێنێ، که ئیدی پێوست ناکا من و تۆ  ببێین  و هه ر یه که مان سنوور و تخووب بۆ ئه وی دی دیاری بکه ین، هه تا هه ر کاممان ، دێڕێکی له سه ر ئه وی تر نووسی، گورجێ  به وه ی تاوانبار بکه ین که گوایه مافه کانی جینسه که ی دی  له ژێر پێ  ناوه .
خاڵێکی دیکه گه ره کمه سووکه هێماییکی بۆ بکه م ، ئه گه ڕێته وه

بۆ ئه و وته ی به ڕێزت که گوایه من به ناونیشانی دی ، ئێمه یڵم
بۆ کردووی، ئه رخه یان به هه ر وه ک چلۆن ئه م به ینه
له کوله که ی ته ڕ و وشکیشا ناوم نه بردووی و له هیچ کوێش
گله م لێ نه کردووی ، سرشتم ئالووده به و جۆره خووه نییه و
گه لێ به داخم زۆر هاسان له سه ر ماڵپه ڕان ، ئه و جۆره قسانه
بێ ئه وه ی حه قیقه ته که یان لات ده ربکه وێ ، ده درکێنی.
خوتووره به دڵ ڕێ مه ده ئه ز سه ر به هیچ پارت و حیزب و
ڕه شه تاقمێک نیم . لێم دڵگر مه به ، بڕوات بێت حه ز ئه که م
کۆمه ڵگه که مان پڕی بێ له وێنه ی تۆی خودان ڕێز.
دیسانه وه ش ددان به وه دا ده نێم ئافره ت له کۆمه ڵگه ی کوردی دا
ده گه ڵ سه دان کێشه ی هه ره قه تی دا به ره و ڕووویه.

چه ن ژێده رێ که لکم لێ وه رگرتوون بریتینه له :

1 فه رهه نگی کوردستان، گیوی موکریانی، چاپی یه که م،
ساڵی 1999 زایینی،هه ولێر، ده زگای چاپ و بڵاوکردنه وه ئاراس

2 فه رهه نگی هه نبانه بۆرینه، چاپی یه که م ، ساڵی 1368
هه تاوی(1988 زایینی) تاران، په خشکاری سرووش

3 زمانی کوردی،دابه شبوونی دیالێکته کانی، فوئاد حه مه خۆرشید،
به غا، چاپخانه ی ئافاتی عه ڕه بییه، 1985 زایینی
4 چه ن بابه تێکی زمان و ڕێزمانی کوردی،د.ڕه فیق شوانی،
ده زگای چاپ و بڵاوکردنه وه ی موکریانی ، هه ولێر، 2001 زایینی

Renas caf@yahoo.com